www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:34 30-5-2007

## کوردیش ئەسحابول کەهفی هەیە!! ... شەپۆل کەلاری

کەس نیە چیرۆکی ئەو چەند ئەسحابەی نەبیستبی کە لەپێناو خوا پەرستیو لەترسی خەڵك زیاتر لە سی سەد ساڵ لە ئەشکەوتێکدا خەوتن، کاتی خەبەریان بۆوە وایان زانی چەند کاتژمێرێکە! دواتر کەهاتنە دەر ئەوجار زانیان چەند دەورو زەمان گۆڕاوە، شتەکان هیچیان لەجیی خۆیان نەماون، دەیان پاشا هاتون و ڕۆیشتون.
وتەکەی مام جەلال لەبەر دەم خوێندکارانی زانکۆی (کامریدج) ی بەریتانی ڕێك ئەو چیرۆکەی بیر خستمەوە، دیارە وتارەکەی مام جەلال گێڕانەوەی کارو چالاکیە سیاسیو سەربازیو جەماوەریەکانی خۆی بو، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوی بەسەر هاتە سیاسیەکانی بوو، بەڵام ناوە ناوە مەقەستی تی دەنان و قرت قرتی دەکردن.
ئەوەی لەوتەکەیدا بەدی دەکرا مامە لەتەمەنی سێزدەساڵیەوە وەك هەڵسوڕاوێکی سیاسی کاری کردوە، لەکوی بۆشاییەکی سیاسی یان دیبلۆماسی یان جەماوەری دروست بوبی مامە پڕی کردۆتەوە، بەکورتی جۆکەری سیاسی کورد بوە.
مام جەلال لەساڵی 1933 لەدایك بوە، واتا 74 ساڵی تەمەنی تێپەڕاندوە، وەك خۆی دەڵی لەتەمەنی سێزدە ساڵیەوە تێکەڵی کارو چالاکی سیاسی بوە، بەو پیو دانە 61 ساڵە لەخەبات و تێکۆشاندایە، بەڵام لەساڵی 2006 لەدیدارێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵێکی ئاسمانی تورکی وتی لەماوەی 54 ساڵ خەبات و تێکۆشانم بیرم لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەکردۆتەوە، من تێناگام ئەو 54 ساڵ خەبات و تێکۆشانەی مام جەلال بۆ چیو لەپێناو چیدا بوە؟؟؟
جگە لەوەش جیاوازیەك لەخەباتی ئەمساڵ و پار ساڵیدا هەیە، بەحەسابی ئەمساڵی 61 ساڵ خەباتی هەیە، بەحەسابی ساڵی پاریش 54 ساڵ خەباتی کردوە وەك خۆی دەڵی بەڵام بۆ دەوڵەتی کوردی نەبوە، واتا بۆ ئازادیو سەربەخۆی کوردستان خەباتی نەکردوە، لێرەدا مام جەلال ئەو بازرگانە دەستخەڕۆیە بوە کەمایەو قازانجی دیار نیە، بەڵام زەرەری خوێنی هەزاران شەهیدو کاول کردنی وڵاتێك و کیمیا باران و ئەنفال کردنی نەتەوەیەك بوە، بەو حەسابە ساڵانی خەباتی لی تێکچوەو شەش ساڵ جیاوازیان هەیە ئەگەر ئەو ساڵەی بەسەر دیدارە تەلەفزیۆنەکەیدا لی تەرك بکەین، لەوەشدا خوا خێری بنوسی لەساڵی 1964 تا ساڵی (1970) ی تەرك کردوەو غەدری لە مێژوو نەکردوە، لەوەتەی مامە هەیە تەنها لەو تەرکیاتەدا ڕاستگۆیە.
لەسەرەتای وتەکانی لەزانکۆی (کامریدج) ی بەریتانی بەپێکەنینەوە وتی: بەڕاشکاویو ڕاستگۆیی قسەتان بۆ دەکەم و ژیانی خەباتی سیاسی خۆمتان بۆ باس دەکەم، ئەوەش سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەوەی بەوردی گوی لەوتارەکەی بگرم، بەدەم گوی گرتنەوە لەخۆشم دەپرسی!!! تۆ بڵێی مام جەلال بەو ڕاستگۆییە بدویو کارو چالاکیە سیاسیو سەربازیەکانی ژیانی تاروگەیی بەغدای بۆ ئامادە بوان بگێڕێتەوە!؟
تۆ بڵێی مام جەلال نەخۆشی تەرکیات بەری دابیو بەڕاستگۆیی بدویو بڵی: من لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تا ساڵی 1970 چاو ساغیم بۆ داگیر کەرانی کوردستان دەکرد!؟ ببومە قەرەوڵی تۆپی دەبابەکانی بەعس و لەبەینی گوێکانی منەوە سێرە لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەگیرا!!
یان بڵی بە ئاماژەیەکی من چرە دوکەڵ لەگوندەکانی کوردستان هەڵدەستاو شەستە بارانی شەستیر بەسەریاندا دەبارین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دانم بەخۆم داگرت و هێواش هێواش بەهەورازی کارو چالاکیە سیاسیو سەربازیەکانیدا سەر دەکەوتم، تەمەنی سێزدە ساڵی هەر کەسێك پڕیەتی لەئارەزوی منداڵی، بەڵام مامە هەر لەتەمەنی سێزدە ساڵیەوە خاڵی بوە لەو ئارەزوە منداڵانیەو ئارەزوی خەبات و تێکۆشان جیی ئارەزوە منداڵیەکانی گرتۆتەوە، ئەوەم قبوڵ کردو بەخۆمم گوت ئەوە حیکمەتی خوایەو نابی قسە لە حیکمەت و گەورەیی خوا بکری:

لەو ماوەیەدا نەك ساڵ و مانگ و ڕۆژ بەڵکو کاتژمێرو خولەك و چرکەش نەمابو مام چالاکی تێدا ئەنجام نەدابی، گوتم ئەوەشیان هەر حیکمەت و گەورەیی خوایەو یەك بەهەزار هەڵدەکەویو باقسەی تێدا نەکەم، بەڵام لەساڵی 1964 لەپڕ پەیوەندیەکەی پساو نازانم باڵانسی حیسابی لی بڕا یان شەبەکەی نەما!!!

کەچی لەساڵی 1975 هاتەوە سەر خەت و لەساڵان بزۆز ترو بەجوڵە تر بو.

ئەو جار وتم مامە نەڕۆی، ئەی تۆ لەسەرەتای وتارەکەت نەتگوت بەڕاستگۆییو ڕاشکاوی بۆتان دەدوێم!!! بەڵام لەمەشیاندا فێڵت لی کردین و ڕاستگۆ نەبوی، پیاو قسەیەکیش بۆ دز بکات، لەوەتەی مامە هەیە تەنها لەوەدا ڕاستگۆیە کەلە ساڵی 1964 تاساڵی 1975 باس لەژیانی خۆی ناکات، ئەوەش پەیوەندی بەژیانی خۆیەوە هەیەو کەس بۆی نیە دەست لەکارو باری ژیانی خەڵکی تروەوە بدات.

دوایی خۆم بەخۆمم گوت: بۆ دەبی ئەوەندە پێداگری لەسەر ژیانی ئەو چەند ساڵەی مامە بکەین!؟ بۆ دەبی ئەوەندە بی سیقە بین!!!

بۆ دەبی خەڵکی خۆمان هێندە لەلا سوك بیو بڕوای پی نەکەین!!!

بۆ دەبی بڕوامان بەوە هەبی چەند ئەسحابەیەك سی سەد ساڵ لە ئەشکەوتێکدا بخەون و باس لەوەش ناکەین چۆن ژیاون و چیان کردوە!؟ بەڵام بۆ ون بونی یازدە ساڵ لەژیانی مامەی خۆمان هەزارو یەك پرسیار لەلای خۆمان دروست کەی، لەکوی بوە؟ چی کردوە؟ لەگەڵ کی ژیاوە؟ ئەو پرسیارانە گومانیان لای خەڵك دروست کردوە، مەتەڵێکن کەس نایزانی، گری کوێرەیەکن کەس بۆی ناکرێنەوە.

لەپڕ خەیاڵ پێی گوتم ئێمەی کورد سی سەد ساڵ خەوتنی ئەسحابو کەهف بەڕاست دەزانین، بەڵام بۆ ون بونی یازدە ساڵ ژیانی مام جەلال دنیامان لی وێك هاتوە، ئەگەر سی سەد ساڵ خەوتنی ئەسحابو کەهف بەڕاست بزانین، دەبی پێمان وابی مام جەلالیش ئەو یازدە ساڵە لە ئەشکەوت دابوە، بەڵام جیاوازی لە ئەشکەوتەکەیاندایە، ئەشکەوتی ئەسحابول کەهفەکان ئەشکەوتی خوا پەرستی بوو، خواش هیدایەتی دابون، ئەشکەوتی مامەش ئەشکەوتی بەعس پەرستیو خیانەت بو، بەعس و خیانەتیش هیدایەتیان دابو، کەواتە هەقمانە بیڵێین: مام جەلالیش ئەسحابو خیانەتی کوردەو ماوە چەند ساڵێك لە ئەشکەوتی خیانەت بەعس پەرستی کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.